کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# تا کەی دەتوانرێت باری ئاسایشی  کوردستان بپارێزرێت؟؟؟؟؟



بە نەمانی ڕژێمی داگیرکاری بەعس لە دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵی 1991 لە کوردستاندا و هەڵبژاردنی پەرلەمان وهاتنەکایەی  دەسەڵاتێکی سەربەخۆی کوردی تروسکەی هیواییەك لە دڵی هەر کوردێکی دڵسۆزی خاك و نیشتیمان دروست بوو ، بە تایبەتی بە نەمانی ڕژێمە شۆڤینەکانی عەرەب ،کە دەستیان دابووە کوشتن و بڕین و ئاوارەکردن و تاڵانکردنی سامانی کوردستان وبڵاوکردنەوەی گەندەڵی لە ناو دەسەڵاتداران و فەرمانگاکان، دەستگرتن بەسەر شارە دەوڵەمەندە-کانی کوردستان و ڕێگرتنیان بە هەموو توانایەکەوە بە گەڕانەوەیان بۆ باوەشی دایکی نیشتیمان وەك شارەکانی کەرکوك و خانەقین و مەندەلی و سنجار و هتد.... هەرچەندە ڕێژەی ئەو کاربەدەست  و خۆفرۆشانە، جگە لە شارە تەعریبکراوەکان، لە شارەکانی کوردستاندا بەرامبەر بە دانیشتووانە ڕەسەنەکان ئەوەندە زۆرنەبوون کە ببونە هۆی  تۆقاندنی کۆمەڵگا بە مناڵ و ژن و پیاوەوە بە ڕەفتارە دڕندەکانیان.

بە  پاککردنەوەی کوردستان لەو دڕندانە هەنگاوێکی  سەرەتایی بوو بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە. پاش هەوڵدانی برایەتی و تەبایی لە نێوان ماڵی کوردیداو دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوەی شارو شارۆچکەکانی وولاتە شیرینەکەمان ، تا ڕادەیەك ئاسایش گرایەوە بۆ کوردستان جگە لە هەندێ کەموو کوڕی پێداویستە-کانی  کۆمەڵگا وەك ئاو و کارەبا و گرانی کەل وپەل، هەوڵدرا خەڵکی بە ئاسودەیی دوور لە هەموو دەستدرێژییەکی تیرۆریستان و دوژمنانی دەستکەوتەکانی کورد ، کە هیچ کات پێیان ڕەوا نەبینیوین، بژین ، ئەمەش بۆ ماوەیەك تووانرا ژیانی خەڵکی بپارێزرێت لەو دەستە نەگریس و ڕەشانە، لەگەڵ ئەوەشداچەند هێرشێك کرایە سەر دانیشتوانی خۆڕاگری سلێمانی و هەولێر،لە هەوڵدانێکی بێووچاندا ،تووانرا ئەنجام دەرانی ئەو کارە بێزەوەرە دەسگیربکرێن و ڕەوشەکە بە جۆرە مایەوە تاکو ساڵی 2003 کە کۆتایی هات بە ڕژێمە شۆڤینیەکەی بەعس ، بەهەموو شیوەیەك دەسەڵاتدارانی کوردستان هەوڵیاندا پارێزگاری ،لەو  ئاسایشەی کە هەبوو، بکەن و تا ڕادەیەك تیایە سەرکەوتوو بوون.

ئەوەی جێگای داخ بوو بە پێچەوانەی کوردستانەوە ،ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی ناوچەکانی تری عێراق ڕوو لە خراپی دەکرد ودەکات،هەندێ  لە و خێزانانە  ناچار

بوون ڕوو بکەنە کوردستانی ئارام و ئازاد ،کە بەردەوام لە پێشکەوتندایە لە هەموو ڕوویەکەوە ، کە ئەمە سەرنجی دوژمنانی زۆر خێرا بە لای خۆیدا ڕاکێشا، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ تێکدان و ئاژەوەگێری و چەواشەکردنی هاووڵاتیان و خەریککردنی دام ودەزگاو دەسەڵاتداران کوردستان و ڕێگرتن لە بەرەوپێشچوونی باری ئابووری کوردستان و هەروەها دۆزینەوەی شوێنێکی ئارام بۆ دانان و جێ بە جێ کردنی پیلانەکانیان دژی دیموکراتی لە عێراقدا.

تەنها ڕێگاییەك بتوانن ئەم کارەی تیا حەشاربدەن ، خۆ خستنە ناو قاڵبی پەناهەندەیی و ڕاکردووەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقە کە بە لێشاو ڕوو لە کوردستان دەکەن ، پارەیەکی زۆرییشیان پێیە و بە ناوی کارکردنەوە ڕژاونەتە ناو شارەکانی کوردستانەوە.ئەمەش سەرەتایی داهاتوویەکی زۆر ترسناکە و مەترسیدارە بۆ خۆمان و نەوەکانمان ،کە زۆر پێویستیەکی نیشتیمانی و کوردایەتی سەر شانی هەموو تاکێکی کۆمەڵە کە دژی بوەستێتەوە و بە خێرایی چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە تاکو پەشیمانی بە دواداا نەهاتووە ،بەرامبەر بە نیشتیمان و مێژووی کوردستان شەرمەزار نەبین.

بە داخەوە سیاستمەداران و ڕابەرانی کورد ناڕاستەوخۆ ڕێگا بە تێرۆریستان دەدەن بێنە کوردستانی ئارامەوە، پێیان ڕادەگەیەنن کە وولاتی خۆیانە و سەربەستن تیا بژین ، ئەمە بۆ خەڵکی ئاسایی وایە و مافی خۆییانە بۆ شوێنێکی ئارام بگەڕێن ، بەڵام چۆن جیادەکرێنەوە لە تێرۆریستان ، تەنها چارەیەك بۆ ئەوە وەك لە زۆربەی وولاتان جێ بە جێ ی دەکرێت ، دەبێت لە ناوچەیەك لە دەرەوەی شار، ئۆردوگاییەك بکرێتەوە بۆ پەناهەندان و لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتداراندا بن ،نەك بە ئازادی بگەڕێن وچاوەڕێی هەلێك بن بۆ کاری کوشتن و بڕین.

ئەگەر ڕێگایان پێ بدرێت بە ئارەزووی خۆیان نیشتەجێ بن و دەست بکەن بە کڕینی زەوی و زار و خانوو کڕین و تێکەڵ بوونمان بە ژن و ژنخوازی، واتا ئێمە خۆمان بڕیارماندا شارەکانی تری کوردستان بە عەرەب بکەین(تەعریب) ، ئەو کاتە کارەکانمان قورستر دەبێت لە ئێستا ، با وازیش لە جێ بە جێ کردنی مادەی 140 بهێنین ، ئەگەر بەراوردێك بکەین لەگەڵ کەرکوك و( هەولێر و سلێمانی) ،دەبینین دەسەڵاتدارانی کورد زۆرتر ڕیگایان داوە بە عەرەبی هاوردە وەك لە ڕژێمی گۆڕ بە گۆڕ ،بەوەشەوە نەوەستاون بڕیار دەدەن کە عەرەبی فەلەستینیش بهێننە کوردستانەوە ،کە دەیان وولاتی عەرەبی دەرگایان لێ ناکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك فەلەستین لەگەڵ دۆزی کورددیدا نەبووە و دەستی لەگەڵ ڕژێمی بەعسیش تێکەڵ کردووە.

ئایا دەسەڵاتداران بیریان لەوە نەکردۆتەوە؟ ،پاش ئەوەی عەرەب لە کوردستاندا جێگیر بن وا بە ئاسانی ناگەڕێنەوە ، ئەگەر ویستیشمان بە زۆر بیانگەڕێنینەوە ،22 وولاتی عەرەبی لێمان دەبن بە گەورە و دێنە زمان بۆ پارێزگاری لە هەستی

عەرەبایيەتی، وەك چۆن برا تورکە گەورەکانمان بۆ چەند هەزار تورکمانێك خۆیان لێ کردوین بە دەمڕاستمان و هەڕەشەمان لێ دەکەن .
ئەی بۆ چەند وانەییەك لە وولاتانی داگیرکراوی سەردەمی سۆڤییەت وەرنەگرین، کە ئەو کاتە ڕووسەکانیان بڵاو کردبووەوە بە هەموو بستێکی ئەو وولاتە ، پاش ڕزگاربوونیان لە دەست سۆڤییەت ، ئێستا چۆن توشی گیرگرفتێکی زۆر بوون بە دەست ئەو ڕووسییانەی کە لەوێ جێگیر بوون و نیازییان نیە بگەڕێنەوە شوێنی باوپاپیریان. ئێمەش بە هەموو دڵنییاییەکەوە توشی هەمان کارەسات دەبینەوە ، ئەگەر دەستبەجێ کارێك نەکرێت دژ بەم پرۆسە ترسناك و بەرنامە داڕێژراوە.
بە داخەوە ئێمە تەنها گیرۆدەیی دەستی تێرۆرستانی ناو عێراق نین، بە سەدان سیخوری وولاتانی دراوسێ کارامەن لەم ناوچەیەماندا بە هەر ناوێك بێت، جارێ بە ناوی هێنانی کۆمپانیا و قوتابخانەی نمونەیی،ڕێکخراوی خێرخوازی هتد ..... ناردنی چەك وتەقەمەنی و خواردنی ئێکسپایەر وڕاهێنانی بەکرێگیراوان لەسەر هەموو جۆرە چەکێك وناردنیان بۆ تەقینەوە.
بە هیچ شێوەیەك پێمان ڕەوا نابینن بە ئازادی بژین و کەمترین مافی مرۆڤمان هەبێت و هەر بەمرۆڤیشمان نازانن و بەڵام ئێمە بە برا عەرەب و تورك و فارس ناویان دەبەین، تاکو ئێستاش کەمترین زیبیانمان پێ نەگەیاندون جگە لە ڕێزگرتن.
ئایا ڕابەرانی کورد بیرییان لە پیلان و ستراتیجیەکی نوێ دژ بەو پەلامارانە کردۆتەوە؟ ،کە منالٚ و ژن و پیاو کورد دەکەنە قوربانی.جاران تەنها لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە هێرش دەکرایە سەرمان ،ئێستا 3 دەوڵەتی دراوسێشی هاتۆتە سەر.
ئەگەر کار بەم شێوەیە بڕوات و چارەسەرێکی بۆ نەکرێت و برا عەرەبەکان لە یەك شوێن کۆنەکرێنەوە ، زۆر بە دڵنیاییەوە پاشەڕۆژێکی ڕەش چاوەڕێمانە ، دوای پەشیمانی سوودی نیە.
خۆزگە دەسەڵاتدارانی کوردستان گوێیان لە میللەت دەگرت و چیتر تەنها خۆیان بڕیاریان نەئەدا لە پرۆسەی سیاسیدا ، چونکە دیموکراتی تەنها بە ووتە و ووشەی بریقەدار نابێت ، کەی میللەت ڕازی بوو لە وولاتەکەیدا ، عەرەبی فەلەستینی و هاوردە نیشتەجێ بێت ،ئەوجا با بڕیار بدرێت بۆ باوەش گرتنەوەیان ، ئەگەر بەردەوام داواکاری هاوولاتی پشتگوێ بخرێت ،ئاقارەکە بەرەو خراپی دەچێت و لە هەمان کاتدا پاراستنی ئاسایشی کوردستان گرانتر دەبێت ،چونکە دەسەڵاتداران بە بێ یارمەتی هاوولاتیان هیچیان بۆ ناکرێت و تەواوکاری یەکترن.با چیتر نەهێلین جارێکی تر شاری هەولێری دێرین و خۆشەویستمان بکرێتە ئامانجی دەستە ڕەش و نەگریسەکان، با دەست بخەینە ناو دەست بۆ لە ناوبردنی تێرۆر و هەوڵ بدرێت ڕێگا لە هاتنی سیخوڕی وولاتانی دراوسێ بگیرێت بە هەر هۆییەك بێت کە دێنە کوردستانەوە. با چیتر نەبینە سوتەمەنی ئاگری دوژمنان. ئەگەر

به ئەرکی نیشتیمانی سەر شانمان هەڵنەستین ، مەحاڵە تا سەر بتوانین ئاسایشی کوردستان بپارێزین.

خەبات ڵاوباخ
بەرلین-9-5-2007